شیخ شهاب الدین
سهروردی



# سوهرەوەردی و حیکمەتی ئیشراق

گروپی ڕەقیب

ناوی کتێب: سوهرەوەردی و حیکمەتی ئیشراق
نووسینی: ئاریوس پۆڵا
دیزاین و تایپ: گروپی ڕەقیب
ساڵی دەرچوون: ١٤٤٣ کۆچی هەیڤی – ١٤٠١ کۆچی هەتاوی

**ناوەڕۆك:**

پێشەکی ........................................................................................................ ١
ژیاننامە........................................................................................................ ٢
سوهروەردی بۆچی کوژرا؟...................................................................................... ٤
ناوهێنانەکانی سوهرەوەردی..................................................................................... ٩
نوسینی فەلسەفەی ئیشراق.................................................................................... ٩
بیروڕاکانی سوهرەوەردی و گەشەی بیروبۆچونی.................................................................. ١٠
تیۆری زانین (النظرية المعرفة) لەلای سوهرەوەردی.............................................................. ١٣
سوهرەوەردی و شیعر........................................................................................... ١٦
بەرهەمەکانی سوهرەوەردی...................................................................................... ١٧
دەرئەنجام..................................................................................................... ١٩

## پێشەکی

دوابەدوای بڵاو بونەوەی ئایینی ئیسلام بەناوچەکانی نیمچە دورگەی عەرەبی و عێراق و وڵاتانی خوراسان و شام و میصر هەتا ئەندەلوس ، ئەمە وای کرد بیروبۆچونی هەریەک لەگەلانی وەک هیندی و فارسی و تورک و ئەمازیغی و کورد و شەرکەس و لاز و چەندین گەلی تر تێکەڵ بەیەکتری ببن ، هەروەها دوای هاتنە سەر دەسەڵاتی عەبباسییەکان زۆرێک لەزانستەکان کە سەروەت و کەلەپوری گەلانی ناعەرەب بوون کۆبونەوە و بەشێوازێکی زۆر بەرفراوان زانست و زیانیارییەکان بڵاوبونەوە و هەرکەسێک لەلای خۆیەوە دەیتوانی خۆی شارەزایان بکات.

دوای ئەوەی عەبباسیەکان لەسەد ساڵی یەکەمی دەوڵەتەکەیاندا هەموو بایەخێکیان بە وەرگێڕانی کتێبە ناعەرەبییەکان بۆسەر زمانی عەرەبی و پەرەپێدانی زانستەکانی وەکو ( فەلسەفە ، کیمیا ، پزیشکی ، زانستەکانی قورئان و فەرمودە ، جوگرافیا .....هتد) دەدا ، ئەمەش بوارێکی باشی ڕەخساند کەچەندین زانا و دکتۆر و کیمیازان و فەیلەسوف و جوگرافیناس و مێژووناس و حەکیم و خواناس پەیدا ببن و هەریەک لەوان ئەو بەشە زانستەی کەدەیزانی تۆماری دەکرد و خوێندکارەکانی خۆی لێی فێردەکرد و دواتر وەکو بەرهەمێکیش دەیهێشتەوە بۆ نەوەکانی دواتر.

# سوهرەوەردی و حیکمەتی ئیشراق

## ژیاننامە

ناوی تەواوی (أبو الفتوح یەحیا کوڕی حەبەش کوڕی ئەمیرک) ناسراو بە شهاب الدین السهروردي ، هەرچەندە زانا یاقوت الحموي* دەڵێت : سوهرەوەردی ناوی (احمەد)ە و ابو الفتوح نازناوە بۆی.(١)

بەڵام ابن خەلەکان* جەخت لەوە دەکاتەوە کە ناوی خۆی ابو الفتوحە(٢)، هەروەها دەڵێت وشەی (ئەمیرەک) بچوککراوەی وشەی(امیر)ە چونکە لەلای عەجەم ئەم هێمای (ەک) بۆ بچوککردنەوە بەکاردێت. (عەجەم مەبەست لێی کورد یان فارسەکانە)

سوهرەوەردی لەساڵی ٥٤٩کۆچی بەرامبەر بە١١٥٣ ی زایینی لەدایک بووە لەناوچەی سوهرەوەرد کە ناوچەیەکی شاخاوییە نزیک شاری زنجان(٣)، لە باکوری ڕۆژئاوای وڵاتی ئێران لەباکوری شارەزوور ، ئیبن حوقل* دەڵێت :سوهرەوەرد لە شارەزوور دەچێت ، لە ڕووی خۆشگوزەرانی و هەرزانی و هەڵکەوتەی شوێنەکەی و بەپیتوفەڕی و زۆربەی دانیشتووانیشی کوردن.(٤)

---

(١) یاقوت الحموي، معجم البلدان، المجلد ثالث، تبعة دار سادر (بیروت، ١٩٧٩م) ، لا ٢٨٩

(٢) ابن خلکان (وفیات الأعیان و أبناء أهل زمان )، تحقیق د. إحسان عباس، دار ثقافة (بیروت، ١٩٧٧م) ، مجلد سادس، لا ٢٧٣-٢٧٤

(٣) یاقوت الحموي، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٨٩

(٤) صورة الأرض، لا ٣١٤.

* ابن حوقل : ئەبو قاسم محەمەد بن حەوقەل ( ٣٦٧هـ / ٩٧٧ز) (لەدایکبووی نەسێبین لە باکووری ڕۆژهەڵاتی دوورگەی فورات لە سنووری تورکیای ئەمڕۆ ، یەکێک لە بەناوبانگترین بەرهەمەکانی بریتییە لە "صور الارض"

*یاقوت الحموی: شیهابەدین ئەبو عەبدوڵڵا یاقوت بن عەبدوڵڵا ئەلحەمەوی (٥٧٤-٦٢٦ ه ) نووسەر و خۆشنوسی ڕەسەنی ڕۆمانییە کە لە زانست و زیاتر لە خوێندنی ئەدەبی کاری کردووە، هەتا مردنی لە بەغداد ژیاوە ، لە گرنگترین بەرهەمەکانی کتێبی فەرهەنگی وڵاتانە.

*عمر کوڕی سەهلانی ساوی : فەیلەسوفە ، ناسراوە بە قازی ساوی (ساوە ناوچەیەکە لەنێوان ڕەی و هەمەدان / ئێران ) ، لەشاری نەیسابور نیشتەجێ بووە و خوێندویەتی ، خاوەنی کتێبی (البصائر النصیریة)یە لەلۆژیکدا، (ن-٤٥٠ک)

سەرەتاکانی ژیانی هەر لەو ناوچەیەدا بەسەر بردووە لەتەمەنی ١٠ ساڵی چووەتە بەر خوێندنی وانە ئایینیەکان لەشاری مەراغە بۆخوێندن و دواتریش بەرەو ئیسفەهان کەلەوسەردەمەدا گرنگترین ناوەندی زانستی بووە و ماوەیەکی زۆریش ابن سینا لەو شارەدا ماوەتەوە ، سوهرەوەردی لەسەردەستی شێخ (مجد الدين جيلي)[٥]، دەست دەکات بەخوێندن کە ئەم شێخە مامۆستای (فەخرەدینی رازی)ش بوو.

هاوکات زۆر کاریگەر بووە بە ئیبن سینا وەک چۆن شارەزوری کە قوتابی سوهرەوەردی بووە دەڵێت ابو الفتوح لەئیسفەهان دەستی کرد بە وەرگێڕانی کتێبی (الرسالة الطير)ی ئیبن سینا بۆسەر زمانی فارسی بەناوی (بستان القلوب)ەوە تۆماری کرد.[٦]

شارەزوری دەڵێت : سوهرەوەردی خوا ڕۆحی شاد بکات هەمیشە لەگەڕان و سەفەرکردندا بوو ، نزیکەی ٢٦ساڵی تەمەنی لە گەڕان و گەشتدا بەسەربرد و هەر لەسەرەتاوە لەمەراغە دەستی کرد بەوەرگرتنی زانست ، دواتر خۆی پێی ڕاگەیاندم هەر لەئەسفەهان کتێبی (البصائر النصيرية في المنطق)ی عومەری کوڕی سەهلانی ساوی* دەخوێنێت ،[٧] هاوکات بەشێکی زۆر لە زانستە ئایینیەکان و زانستەکانی (نەحو – سەرف – علوم القرءان و علم الحديث و فەلسەفە و عیلمی کەلام ....هتد) دەخوێنێت ، هەروەها سوهرەوەردی هاوڕێیەتی شێخ و کەسایەتییە سۆفییەکانی کردووە و سودی زۆری لێ بینیون بۆ فێربونی چۆنیەتی پاککردنەوەی دەرون و سەربەخۆ کردنی بیروڕاکانی هەتا لەکۆتاییدا گەیشتبوو بە پلەی زانایان و خواناسانی ڕێگەی خودا.

دواتر لە ئیسفەهانەوە ڕوودەکاتە شاری ماردین و پەیوەندی دەکات بە شێخ(فخرالدين الماردينى)[٨] و لەگەڵیدا دۆستایەتی دروست دەکات و چەندین جار کۆدەبنەوە بۆ ئاڵوگۆڕی بیروبۆچونەکانیان .

---

**(٥) مجدالدين قطب الدين الشيرازي ، شرح حكمة ال‌إشراق، ل٢٣٣**

**(٦) د. إبراهيم مذكور، بين إبن سينا و السهروردي)، للكتاب تذكاري شيخ الإشراق، القاهرة، ١٩٨٠، ل٦٧-٦٨**

**(٧) الشهرزوري، نزهة الأرواح و روضة الأفراح، تحقيق د. محمد علي ابو ريان، ل ٢٣٢.**

**(٨) ابن ابي الصبعية، عيون ابناء في طبقات الأطباء، تحقيق د. نزار رظا، منشورات مكتبة الحياة، (بيروت،١٩٦٥م)، ل ٦٤٠.**

هەروەها شارەزوری باس لەوە دەکات کە سوهرەوەردی سەردانی شاری (دیاربەکر)ی کردووە و چوەتە لای ئەمیری شارەکە (عماد الدين قرة ارسلان) و کتێبێکی خۆی بەناوی (الالواح العمادية)پێشکەش دەکات.[٩]

لەساڵی ٥٧٩کۆچی ڕوودەکاتە وڵاتی شام بەتایبەت شاری حەلەب و ئیدی ئەو شارە دەبێتە کۆتا شوێن کە سوهرەوەردی گەشتی بۆ بکات چونکە هەر لەوێدا بەهۆی بیروبۆچونەکانییەوە فەرمانی کوشتنی بۆدەردەچێت بۆیە لەنێوان ساڵانی ٥٨٧ ی کۆچی بەرامبەر بە ١١٩١ ی زایینی دەکوژرێت بە بیانووی ئەوەی بیروڕاکانی سوهرەوەردی دژی ئاینن و بەو بۆچونانە کافر و لەئایین دەرچووە.[١٠]

## سوهروەردی بۆچی کوژرا؟

ئەوکاتەی سوهرەوەردی چووە نێو شاری حەلەبەوە راستەوخۆ پەیوەندی کرد بە قوتابخانەی (خەلاوی) کە شێخ (افتخار الدين) سەرپەرشتی ئەم قوتابخانەیەی دەکرد ، سوهرەوەردیش بەشدار و گوێگری وانەکانی بوو.[١١]

شارەزوری دەڵێت : ئەوکاتانەی سوهرەوەردی لەشاری حەلەب نیشتەجێ بوو ژمارەیەکی زۆر لەزانایان وتوویژیان لەگەڵدا کرد بەڵام هیچ کام لەوان نەیانتوانی بەسەریدا سەر بکەون و لەگفتوگۆکاندا زاڵ بن بەسەر بیروڕا و زانستەکەیدا ، هەر بۆیە ناویان بەخراپ و تاوانبار بڵاو دەکردەوە و زۆریش لەهەوڵی شکاندنیدا بوون ، هەر بۆیە سوڵتان زاهیری کوڕی سڵاحەدین کە والی ئەوکاتی حەلەب بوو خۆی ئامادە دەبێت لەدەرس و کۆڕەکانیدا جگە لەویش ژمارەیەکی زۆر لەپیاوانی زانا و ڕاوێژکار ئامادەی کۆڕەکان دەبوون تاکو گوێبیستی ئەو باسانە بن کە دەکرێت لەنێوان سوهرەوەردی و نەیارەکانیدا ، کە سوڵتان ضاهیر دەیبینی هەمیشە ڕایەکانی سوهرەوەردی پەسەندە و براوەیە لە وتووێژەکاندا ئەمە سەرنجی سوڵتانی بەلای خۆیدا راکێشا و شێخی کوژراوی لەخۆی نزیک خستەوە ، ئەم نزیک بونەوەیەش نەیارەکانی سوهرەوەردی

---

(٩) الشهرزوري ، نزهة الأرواح، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٣٣

(١٠) هينری كوربان: السهروردي مقتول، مؤسس المذهب إشراقي، ترجمة د. عبدلرحمان ضمن كتاب(كتاب شخصيات قلقة في الإسلام) ، (القاهيرة، ١٩٤٦) لا٩٥.

(١١) الشهرزوري ، نزهة الأرواح، سەرچاوەی پێشوو، لا ٣ ٦٤

زیاتر پەست و تورە کرد تاوای لێهات فەتوای کافر بونیان دا ، ئەم هەواڵانەش گەیشتنەوە بە دیمەشق و بۆلای صلاح الدینی ئەیوبی لەو بارودۆخە نیگەران بوو چونکە لەلایەکەوە دەترسا لەوەی ململانێی بیروبۆچونەکان ناوخۆی وڵات بتەنێ و خەڵکی سەرقاڵ بکات ، لەلایەکی دیکەوە دەترسا لەوەی بیروبۆچونی سوڵتان ضاهیریش پەرت بکات و بشێوێنێت ، هەربۆیە بەدەستنوسی قازی دیمەشق نامەیەکی نارد بۆ ضاهیر سوڵتان لەحەلەب و تیایدا نوسیبوی : ئەو (شەهاب الدین) ە (سوهرەوەردی) دەبێ بکوژرێت ، بەهیچ جۆرێکیش ڕێگە نادرێت بە ئازادبونی.(١٢)

لەسەر شێوازی کوشتنەکەی زانایان ناکۆکن بەوپێیەی هەندێک دەڵێ سوتێندراوە و هەندێکی تر دەڵێن بە شمشێر کوژراوە و هەندێکی تر دەڵێن بەندکراوە تا بەهۆی برسیەتی و تینویەتییەوە گیانی سپاردووە ، هەر لێکۆڵەرێک بەجۆرێک باس و لێکدانەوە لەسەر شێوازی کوشتنەکەی دەکات ، بەڵام پوختترین بۆچون کەهەبێت ڕای (هێنری کوربانە) کەدەڵێت : سوهرەوەردی بەشێوەیەکی نهێنی کوژرا.(١٣)

ماکس هۆرتن یەکێکە لە ڕۆژهەڵناسەکان دەڵێت : کوشتنی سوهرەوەردی هۆکارێکی سیاسی لەپشتەوە بوو ، چونکە ئەو ڕێبازەی سوهرەوەردی بانگەشەی بۆ دەکرد بریتی بوو لە زیندوکردنەوەی ڕێبازی (ئیسماعیلی شیعە)* بەوپێیەی ئیسماعیلییەکان باوەریان وابوو کە نەوەکانیان ڕەنگدانەوەی وێنەی خودان لەسەر زەوی ، هەر ئەم بۆچونە بنەڕەتییەش خۆی لەخۆیدا بناغەی دامەزراندنی سیستمێکی سیاسی سەربەخۆیە و جیاوازە لەو سیستمەی کە فەرمانرەوایەتی شامی پێ دەکرا ، بۆیە چارەنوسی هەمان چارەنوسی حەلاج* بوو.(١٤)

هاوکات بەشێک لەلێکۆڵەرانیش پشتگیری ئەم بۆچونە دەکەن کە هۆکاری کوشتنەکەی سیاسی بووە ، یەکێک لەوانە عبدالرحمن (البدوي)ە * دەلێت : تێکەڵ بونی سوهرەوەردی لەگەڵ سوڵتان ضاهیر ترسی ئەوەی خستە دڵی سڵاحەدینەوە کە ئەم پەیوەندییە کێشە دروست بکات

**(١٢) د. إبراهيم مذكور، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٣٥.**

**(١٣) هینري كوربان، سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٠٣ – ٣٠٤.**

(14) Die PHilosoph: max hirtin e DES islam,munschen,1924,p.125

بۆ ئاینزای سونــی کە ئەوکات سڵاحەدین نوێنەرایەتی دەکرد ، چونکە سوهرەوەردی پەیوەست نەبوو بەهیچ شتێکەوە و بەئازادانە بیری لەهەرچی بکردایەتەوە ئەوەی دەگوت.(١٥)

گەرچی رۆژهەڵاتناس و لێکۆڵەران بەم شێوازە روداوەکە لێکبدەنەوە بەڵام نابێت ئەو دژایەتی و بەرهەڵستکارییە توندەی زانا و شەرعناسەکانی ئەو سەردەمەش فەرامۆش بکەین ، وەک چۆن لەپێشتردا بینیمان شارەزوری چۆن باس لەمامۆستاکەی دەکات لەوکاتانەدا کەلەحەلەب بووە چۆن بەرامبەرەکانی خۆی بەزاندووە ، ئەمانە جگە لەو تۆمەتانەی دەردایە پاڵی وەک (بانگەشەکردن بۆ پێغەمبەرایەتی ، بانگەوازی هاتنی ڕوحی پیرۆز بۆلای....هتد)(١٦)

کۆتا لێکدانەوە و نزیکترینیان لەڕاستی هۆکاری بڕیاردانی سڵاحەدین ئەیوبی ئەوەیە کە هۆکاری کوشتنەکەی سیاسی و ئیداریش بووە چونکە شێواوی بارودۆخی ناوخۆی وڵات کاردەکاتە سەر تێکچونی شیرازەی دەوڵەتەکە ، سوهرەوەردیش بەجۆرێک نزیکایەتی لەگەڵ سوڵتان زاهیردا دروست کردبوو کە بارودۆخی حەلەب نزیک بوو لەوەی کێشە و دووبەرەکی ئایینی باڵ بکێشێت بەسەر هەموو شارەکەدا ، جگە لەهەموو ئەمانە سەرقاڵی سوڵتان بە جەنگەکانەوە وای کردبوو رێگە نەدات هیچ پەرتەوازەییەک ڕووبدات لەناوخۆدا.

گەر تەماشایەکی لاپەڕەکانی مێژووی دەوڵەتەکە بکەین دەبینین بارودۆخی وڵات زۆر نالەبار بوو بەهۆی ئەو جەنگ و ململانێ بەردەوامە سیاسییانەوە کە ڕوویدەدا لەنێوان ساڵانی١١٨٧- ١١٩١ واتە لەدوای فەتحکردنی قودسەوە لەلایەن سەڵاحەدینی ئەیوبی، ڕیتچاردی پادشای ئینگلتەرا بەهەموو هێزی خۆیەوە هاتبوە نێو خاکی شامەوە بۆ

---

**(١٥) عبدالرحمان البدوي، الانسانية والوجودية في الفكر عربي، دار النهضة المصرية، القاهيرة، ١٩٤٧، لا ٢٧**
**(١٦) السهروردي مقتول، حياته وآثاره التصوفية، د. محمود محمد علی، جامعة أصيود.**
**ئیسماعیلی شیعە: لقێکی مەزهەبی شیعەن کە بەدووەم گەورەترین لق دێن لەدوای دوانزە ئیمامییەکانەوە لەڕووی ژمارەوە ، پێیان وایە ئیمامی شیعە لەدوای جەعفەری سادقەوە بریتییە لە ئیسماعیلی کوڕی جەعفەر.**
***حەلاج ناوی (حسێنی کوڕی مەنصوری حەلاج)ە، پێیان دەگوت (أبا مغيث) یان (أبا عبدالله)، لەشاری (واست) هاتە ژیان، وە دەوترێت لە (تستر) دەژیا، ئەم پیاوە هەر زوو تێکەڵی کۆمەڵێك لە مەشایخی تەریقەتی سۆفیگەری بوو لەوانە (سهل التستري و الجنيد و أبو الحسن النوري و جگە لەوانیش)، وە سەردانی زۆر جێگاو شاری کردووە، لەوانە (مەککە و خۆراسان وهیند)، دوا مەنزڵگەی شاری بەغداد بووەو هەر لەوێش کوژراوە.**
***دکتۆر عەبدولڕەحمان بدەوی (ماوەی ژیان: ١٧ی شووباتی ١٩١٧ - ٢٥ی تەمموزی ٢٠٠٢)، یەکێک بووە لە ناودارانی فەلسەفەی عەرەبی لە سەدەی بیستەمدا، لەگوندی دمیاتی میسر لەخێزانێکی دەوڵەمەند لەدایکبووە و باوکی دەمسپی گوندەکە بووە، لەساڵی ١٩٢٩ قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی فارسکۆ تەواوکردووە.**

داگیرکردنەوەی ئەو ناوچانە ، بۆ بەرچاو ڕۆشنی زیاتر جێگەی خۆیەتی هەندێک نمونەی ئەو جەنگ و کوشتارانە باس بکەین کە مەترسی خستبووە سەر پێگەی دەوڵەتە نوێیەکەی ئەیوبییەکان.

ساڵی١١٩٠ نامەیەک لەدانیشتوانی ناو شارەوە دەگات بە دەستی عادل پادشا و ئەویش دەینێرێت بۆ سوڵتان سلاحەدین ئەمەش دەقی نامەکەیە: (( ئێمە پەیمانی مردنمان بەستووە وە دەجەنگین تاکوو دەمرین ، ئەم شارە ڕادەست ناکەین هەتا لەژیاندا مابین ، بۆیە ئێوەش تەماشا بکەن و هەرچیتان پێ دەکرێت بیکەن تاکو شارەکە و دانیشتوانی ڕزگار بکەن))

کاتێک سوڵتان تەماشای ئەم نامەیە دەکات زۆر نیگەران دەبێت و بارودۆخی زۆر تێکدەچێت بەرادەیەک کە شڵەژاوی و ڕاڕایی ڕوی تێدەکات.(١٧)

هەروەها لەنێوان سالانی١١٨٩ تا ساڵی ١١٩١هێرش و گەمارۆی ریتچاردی پادشای ئینگلتەرا بۆسەر شاری عەکا بەردەوام بوو تا لەکۆتاییدا توانی لەساڵی ١١٩١قەسابخانەی عەکا دروست بکات و تیایدا نزیکەی١٦٠٠کەس کوژران و ٢٠٠٠کەسی تریش بریندار بوون.(١٨)

هەموو ئەمانە هۆکاربوون بۆئەوەی فەتوای کافربونی بدرێت و ئەو ڕقە زۆرەش لەبەرامبەری دروست ببێت ، گەرچی شارەزوری پێیوایە مامۆستاکەی پاک و بێتاوانە لەو تۆمەتانەی دەدرایە پاڵی.(١٩)

عیمادی ئەسفەهانی* کە هاوسەردەمی سوهرەوەردییە دەگێڕێتەوە و دەڵێت : ئەوکاتانەی سوهرەوەردی و شمس الدینی خوێندکاری خرانە بەندیخانەوە لەپێش کوشتنیان چەند زانایەک چونە لایان.

---

**(١٧) نواذر السلطانية، ابن شداد، لا ١١٩-١٢٣**

(18) Louis mossignon:textes ineditsconcermant li histoire de mystique en pays di islam ,paris, 1929,p. 11٣

**(١٩) د. إبراهيم مذكور، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٣٥.**

*** عمادالدين الاصفهاني: ناسراو بە عیمادەدینی نوسەر،(١١٢٥– ز١٢٠١ز)، لەسەردەمی دەسەڵاتی ئەیوبییەکاندا ژیاوە ، ئەدیب و نوسەر بووە و لەبەناوبانگترین بەرهەمەکانی بریتین لە ( البرق الشامی ، جريدة القصر وجريدة العصر.**

لێیان پرسی : ئایا تۆ لەنوسراوەکانتدا گوتوتە خوای گەورە گەر بیهەوێت دەتوانێت پێغەمبەرێک دروست بکات ؟ لەکاتێکدا ئەوە مەحاڵە

سوهرەوەردی : هیچ سنورێک نییە بۆ دەسەڵاتی خودا ، ئایا گەر خوای بەتوانا هەرشتێکی بوێت نایکات بەبێ هیچ ڕێگرێک؟

زاناکان : بەڵێ وایە

سوهرەوەردی: کەواتە خودا بەتوانایە بەسەر هەموو شتێکدا و دەتوانێت پێغەمبەرێکی نوێ خەڵق بکات.

زاناکان : بەڵێ دەتوانێت هەموو شت بکات بەڵام ئەستەمە پێغەمبەرێک خەڵق بکات.

سوهرەوەردی : ئایا ئەستەم ڕەهایە یان نا؟

زاناکان : کەواتە تۆ کافریت لەبەر ئەو بۆچونە

وادەردەکەوێت کێشەی سوهرەوەردی لەگەڵ زاناکاندا بەهۆی کەمی سەرنجی ئەقڵی و بیرتیژییەوە بووە لەو گفتوگۆیەدا نەک لەبەر کەمی زانستەکەی ، هەروەها ئەوەی دەرکەوتووە ئەوەیە سوهرەوەردی بەجۆرێک خۆی نیشان داوە لەژیانیدا وەک ئەوەی لەجیهانی شاراوە و مەلەکوتەوە پاڵپشتی دەکرێت.[٢٠]

---

**(٢٠) وەرگیراوە لە د، محمد علی ابو ریان ، اصول فلسفة الاشراقیة، لا ٢٥.**

## ناوهێنانەکانی سوهرەوەردی

لێرە بەدوا زانایان لەکاتی ناوهێنانیدا پێی دەڵێن سوهرەوەردی کوژراو تاکو جیای بکەنەوە لەچەند کەسایەتییەکی تری مێژوو کە هەمان ناویان هەیە بەڵام چیرۆکیان جیاوازە بەم جۆرە :

ضیاء الدين ابو نجيب عبدالقادر السهروردي ٦٨٠ك مردووە.

شهاب الدين ابو حفص عمر بن محمد بن عموية ، نوسەری کتێبی عوارف المعارف ، ساڵی ٦٣٢ک مردووە.

محمد بن عمر بن شيخ شهاب الدين ، نوسەری زاد المسافر في التصوف.[٢١]

نوسەری بەناوبانگ (احمد امين) بۆچونێکی جیاوازی هەیە و دەڵێت : هۆکاری ناونانی بە شێخی کوژراو بۆئەوەیە کە کوشتنی سوهرەوەردی حەقی خۆی بووە چونکە باوەڕی بە (اتحاد و الحلول) هەبووە ، ئەم باوەڕەش پێی وایە کە گەردون و خودا یەکیانگرتووە و هەموو بونەوەرەکان بەشێکن لەخودا و خودا لەناویاندایە و ئەوانیش لەناو خودادان ، بۆیە نازناوی شەهید نادرێتە پاڵ سوهرەوەردی چونکە سزای کوشتنەکەی شایستە بووە ، بۆیە صلاحەدینی ئەیوبی فەرمانی کرد بەکوشتنی [٢٢]

## نوسینی فەلسەفەی ئیشراق

ماسینیۆن دەڵێت : سوهرەوەردی قوتابخانەی ئیشراقی لەوڵاتی عماد الدين قرة ارسلان(ديار بكر) نوسیوە و دامەزراندوە ، بەڵام هیچ یەک لەمێژونوس و وەرگێڕەکان پشتگیری ئەم بۆچونە ناکەن ، چونکە سوهرەوەردی بە بەردەوامی لەگەشت و گەڕاندا بووە و لەهەریەک لەو ناوچانەشدا ماوەیەکی کەم ماوەتەوە کەبەشی ئەوە ناکات کەلەیەک جێگەدا وەها مەدرەسەیەکی فەلسەفی گەورە دابمەزرێنێت ، بەڵکو ڕاستتر ئەوەیە بۆماوەیەکی زۆر سەرقاڵ

---

(٢١) د. عثمان يحيى، الصحوف يونانية، اصول غير مباشرة للفكرة(الحكم المتأهلة عن السهروردي شيخ الاشراق)، الكتاب التذكاري، القاهرة، ١٩٨١، لا ٣٢٢

(٢٢) احمد امين ، حي بن يقظان ، دار المعارف ، القاهرة١٩٦٦ ، لا ٨..

بووە بە نوسین و لێکدانەوە و تۆمارکردنی زانیارییەکانی وە بەردەوام سەرقاڵی نوسینەوەی کتێبەکەی بووە هەر جارە و لەجێگایەک.(٢٣)

## بیروڕاکانی سوهرەوەردی و گەشەی بیروبۆچونی

سوهرەوەردی بەیەکەم کەس دادەنرێت کە بەرامبەر بە فەلسەفەی مەشائی وەستایەوە لەسەدەی شەشەمی کۆچیدا ، لەنوسینەکانیدا دەردەکەوێت کەهەوڵی داوە فەلسەفەی مەشائی بەرەو حیکمەتی ئیشراق ڕابکێشێت ، ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە کە سوهرەوەردی خاوەنی ووردبونەوە و قوڵاییەکی زۆر بووە لەبابەتە فیکرییەکاندا ، هاوکات ئەوەش دەردەخات کە سوهرەوەردی پێش ئەوەی فەیلەسوف بێت سۆفییەکی گەورە بووە ، ڕاستە زۆرێک لەسۆفییەکانی پێش خۆی سەروکاریان لەگەڵ فەلسەفەدا هەبووە بەڵام هیچکامیان نەیانتوانیوە فەلسەفە و سۆفیگەری پێکەوە ببەستن وەک ئەوەی کەسوهرەوەردی ئەنجامیدا ، ئەو بەجۆرێک فەلسەفە و تەسەوف تێکهەڵکێشی یەک دەکات کەلەلای هیچ کەس نابیندرێت جگە لەخۆی.

**سوهرەوەردی دانایی(حیکمەت) دەکات بە دوو بەشەوە :**

یەکەم : حیکمەتی پەیجۆری(حکمة البحثي) : ئەم جۆرە بەندە لەسەر شیکارکردن ، ئاوێتەکردن ، بەڵگەهێنانەوە کەئامانج لێی گەییشتنە بە حەقیقەتی شتەکان ، ئەمەش کاری فەیلەسوفەکان بووە بە گشتی.

دووەم : دانایی ئارەزومەندانە(حکمة الذوقي): ئەم جۆرە بەرهەمی ئارەزووەکانی ڕۆحە ، مرۆڤ ئەم جۆرە داناییە دەژیەنێتەوە کەچی توانای دەربڕینیشی نییە ، بەواتایەکی تر ئەم جۆرە حیکمەتە بەرهەمی ڕەنج و تەقەلای ڕۆحییە و مرۆڤ ئەزمونی دەکات بەڵام توانای دەربڕینی نییە ، ئەم جۆرە بریتییە لە حیکمەتی ئیشراقییەکان.(٢٤)

---

(23) Louis Mossignon : Recuel de textes inedits concernant l'histoire de mystique en pays d'Islam , Paris , 1929 , P.113 .

(24) Leuis gardet: qelques reflexionssurííshraq de suhrawardi

لەنێوان ئەم دوو جۆرەی حیکمەتدا هیچ ناچونیەکی و دژیەکیەکی جەوهەری بوونی نییە بەڵکو نەگونجانیان تەنها شێوازێکی ڕوکەشییانەیە ، چونکە ئیشراقیی ڕاستەقینە ووردەکارییەکی زیاتر لەدانایی پەیجۆری دەکات ، وەلەهەمان کاتیشدا دەچێتە ناو نهێنییەکانی ئارەزووە ڕۆحییەکانەوە.

شارەزوری لەسەر ئەم بابەتە بۆمان دەدوێت و دەڵێت : سوهرەوەردی هەردوو جۆرەکەی دانایی کۆدەکاتەوە ، سەبارەت بەدانایی ئارەزومەندانە سوهرەوەردی دەڵێت :هەرکەسێک شوێن ڕێبازی خودا بکەوێت و واز لەئارەزووەکانی دەرونی خۆی بهێنێت ، لەبری ئەوە خۆی سەرقاڵ بکات بە فێربون و وەرگرتنی زانستەوە و لێیان وورد بێتەوە هەتا دەگات بەجیهانی ڕۆحانی ، ئەگەر هاتوو لەو جیهانەدا پێیەکانی جێگیر بوون و دامەزران لەوێدا ، بەجۆرێک تیایدا قوڵبێتەوە کە بتوانێت کرۆکی بابەتەکان بخوێنێتەوە واتای ووشە تەنهاکان بکاتەوە ، هەروەها ئەگەر توانی پەی ببات بەناسینی دەرونی خۆی و بەئەقڵ تەماشای خودا بکات ، ئەوکات دەوەستێت لەقسەکردن و تێدەگات کەئەو لەحاڵەتی دۆزینەوەی نهێنی و بەڵگە خوداییەکاندایە ، ئەم نهێنییانەش کەمینەیەک نەبێت ئەوانی تر نایزانن ، وە هۆکاری بوونی شتەکان کەس نایزانێت جگە لەوانەی کە قوڵ بونەتەوە لەو جیهانەدا.

سەبارەت بە حیکمەتی پەیجۆری : پێش سوهرەوەردی ئەم جۆرەی دانایی هەبوو بەڵام ئەو توانی پایەکانی پتەو و بەهێز بکات ، هاوکات توانی ناونیشانی جوان و گونجاو بۆ دەستەواژە فەلسەفییەکان دابنێت وەک چۆن لەکتێبە ناسراوەکەی خۆیدا (المشارع و المطارحات)دا توێژینەوەی فەیلەسوفە پێشین و پاشینەکانی داناوە و دواتر پشکنینی بۆ بیروباوەری بیرمەندە کۆنەکان کردووە ، لەوێدا ڕادەی بیر تیژی و زاناییەکەیمان بۆ دەردەکەوێت.[٢٥]

ئەم لێکدانە ناسراوە بە الجمع محکم بین الحکمتین!

کەوابوو تیۆری سوهرەوەردی بۆ لێکدانی حیکمەتەکان ئەمەیە: ئەو هەوڵە فیکرییانەی کەمرۆڤ پێی هەڵدەستێت هیچ سەرەنجامێکی ئەوتۆی نابێت کە ناوببرێت بە زانینی دروست ، هەتا ئەوکاتەی بەرهەمی لێکدانەوە فیکرییەکانی ئەزمون نەکات لەناواخنی دەرونی خۆیدا ،

---

**(٢٥) د. إبراهیم مذکور، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٣١.**

هەروەک چۆن تاقیکردنەوەی ڕۆحی لای خۆیەوە گەشەناکات و پێناگات بەڕادەی پێویست ئەگەر بناغەیەکی زانستی و فەلسەفیت نەبێت [٢٦]،(بەجۆرێکی تر ئەو بڕوای وایە مرۆڤ تەنها لەڕێگەی زانین و تیۆرەکانەوە ناتوانێت بە زانینی ڕاستەقینە بگات ، بەڵکو پێویستی بە ئەزمونی ناخ و ئارەزوی ناوەکیش هەیە ، بەپێچەوانەشەوە ئەزمونی ڕۆحی کامڵ نابێت کاتێک نەبێت کەلەسەر بنچینەی زانست و فەلسەفە دادەمەزرێت).

ئەمانەی وتران واتای ئەوە دەگەیەنن کە تیۆرەکەی سوهرەوەردی بانگەشە بۆ کۆکردنەوە دەکات ، بەواتای ئەوەی هەرچی پەیڕەو پرۆگرام و زانستە فەلسەفی و ئاینییەکان پێکەوە کۆ بکاتەوە بەئیسلامیشەوە لەپێناو شیکارکردنی ڕۆحییەتی ئیشراقیدا(گەییشتن بەحەقیقەت) ، ئەمە لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم پێناسە و بۆچونانەی ئاراستە کردووە بەرامبەر بە ئیسلام و لەناو کۆمەڵگەیەکی ئیسلامیدا ، بەواتایەکی تر هەموو ئەو زانیاری و حەقیقەتانەی کە سوهرەوەردی پێیان گەیشتبوو وانیشانی دەدا کەلە شەریعەتی ئیسلامییەوە هەڵیهێنجاون[٢٧]، وە ئەم هەوڵە ئەوە نیشاندەدات کە سوهرەوەردی ئارەزویەکی فەرهەنگیانەی هەبووە ، ڕازینەدەبوو بە یەک کتێب، نەدەوەستا لەلای یەک مامۆستایەک ، وە گوێی نەدەدا بەوەی کە زانایەک پەیوەستە بە زانایەکی ترەوە.

ئەگەرچی ڕۆژهەڵاتی بوایە یان ڕۆژئاوایی ، وەک ئەوەی کە ئەو حەدیثەی پێغەمبەری لە خۆیدا جێبەجێ کردبێ کە دەفەرموێ (( الحكمة ضالة المؤمن حيث وجدها التقطها)

بۆیە سوهرەوەردی بیروبۆچونی زانا فارسی و یۆنانیەکانی کۆدەکردەوە ، وە لە نێوان ئاینە کەهەنوتییە میسریەکان و براهماییەکانی هیندستان ، وە لەنێوان ئەفلاتون و زەردەشت ، وە لە نێوان فیساگۆرس و هێرمس کۆکردنەوەی دەکرد، وە دەیویست کە بیروبۆچونی ڕوحانییەکان پێکەوە بلکێنێت بەبێ جیاکاری لەنێوان نەژاد و نیشتمانەکەیاندا.[٢٨]

---

**(٢٦) د. عثمان يحيى، سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٢٣.**

**(٢٧) د. محمد البهي: دور السهروردي في العالمية ثقافة في القرن سادس الهجري، (القاهيرة،١٩٨٠)، لا ٢٨٨.**

**(٢٨) د. ابراهيم مذكور، سەرچاوەی پێشوو، لا ٦٨.**

## تیۆری زانین (النظرية المعرفة) لەلای سوهرەوەردی

سۆفییەکان گەیشتوون بەوەی سەرچاوەی زانین شتێکی دیکەیە جیاواز لە عەقڵ ، ئەشێ مەزەندەکردن بێت وە ئەشێ ئارەزوو بێت یان بەسیرەت (دووربینی) بێت وە ڕەنگە سەرچاوەی زانین نیگا(سروش) بێت ، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە سۆفییەکان نەگەیشتوون بە زانینی جەوهەری ئەم هەستە نامۆیە (درککردنی عەقڵی) و نەشچون بەلای پێگەی ئەم هەستەدا ، بەڵکوو هەموویان یان کەمتر وەسفی ڕواڵەتەکانی ئەم هەستەیان کردووە ، وە ڕۆڵەکانی ئەم هەستە بەنزیکەیی ئەویش وەک ڕۆڵی درک پێکردن و بیرکردنەوە.[٢٩]

ئەوان(سۆفیەکان) بەشێوازێکی جوان باس و پێناسەی چەمکەکانی وەک (دڵ و نهێنی و چاو و بەسیرەت و .... هتد) کردووە ، ئەمانە و چەندین وشەی دیکە کەدەبنە هێمایەک بۆ حەقیقەتێکی تاقانە کە بوونی خۆی دەسەپێنێت ، کەچی ئێمە هیچ لەسەر ناوەڕۆکەکەی نازانین.[٣٠]

ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە سۆفییەکان دان نانێن بەوەدا کە ئەقڵ و هەستەکان سەرچاوەیەکن بۆ زانینی مرۆڤ بەڕاستی ، چونکە ئەوان جیاوازی دەکەن لەنێوان ڕواڵەتی شتەکان و حەقیقەتەکەیاندا ، لەنێوان ڕوکەش و ناوەڕۆکدا ، ئەوان بەم جیاکاریەیان گەیشتون بەوەی زانین تایبەتە بە هەستپێکراوەکان وە زانراوە ئەقڵییەکانیش تایبەتە بەو بابەتە ماقولانەی کەبەرهەمی هەستپێکراوەکانن ، بەڵام بابەتی ماقوڵی زۆرهەن کە سەرچاوەکەیان هەست و ئەقڵ نین بەڵکوودەبێت ئەم جۆرانە بە هەستێکی سۆفییانە ئاشکرا(کشف) بکرێن.

ئەوەی کەباسکرا شتێکی ڕۆشنە لەلای سوهرەوەردی ، بەتایبەت لەوکاتانەدا کە هەوڵ دەدات بۆ نزیک خستنەوەی لۆژیکی ئەرستۆیی لە بنەماکانی حیکمەتی ئیشراق ، دواتر لەم ڕێگەیەوە بۆ لە دژ وەستانەوەی بۆچونەکانی ئیبن سینا بەکاریدەهێنا.[٣١]

---

(٢٩) د.محمود محمد على، منطق الإشراقي عند شهاب الدين سهروردي، چاپی یەکەم ، القاهرة ، ١٩٩٩، لا ٤٩
(٣٠) د. ابوعلا عفيفي، التصوف والثورة الروحية في الإسلام، دار المعارف، القاهيرة، ١٩٦٣، لا ٢١-٢٢
(٣١) د. محمد جلال شرف: النطعة الإشراقية بين فلسفة والدين في فكر الإسلامي، دار المعارف، ( القاهيرة، ١٩٧٩)، لا ١٦١-١٦٢.

سەبارەت بەزانین ئەوە رۆشن بوو کە سوهرەوەردی هەمان بۆچونی ڕێبازی تەسەوفی هەبوو بەڵام سەبارەت بە لۆژیک شتێکی جیاواز بوو چونکە ئەو هەڵوێستێکی تایبەتی هەبوو دەربارەی لۆژیکی ئەرستۆیی ، سوهرەوەردی بەشێکی زۆری کتێبی (اللمحات في الحقائق) تەرخان کردبوو بۆ لێکۆڵینەوە لە لۆژیکی ئەرستۆیی بەڵام ئەو هەرکاتێک بۆچونی کەسێک لە فەیلەسوفە مەشائییەکانی بگواستبایەوە بەتەواوی باسی دەکردن بەڵام دواتر ڕەخنەی لێ دەگرتن، ئەوەی شەهابەدین دەیویست بیکات پوچەڵکردنەوەی بە بەراورد بەڕێبازەکەی خۆی کە باوەڕێکی تەواوی پێی هەبوو.

هەروەها سوهرەوەردی هەوڵی دەدا لۆژیکی ئەرستۆیی بەشێوازێکی شاکاریانە پوخت بکاتەوە ، بەشێکی زۆر لە بۆچونە شاکارییەکانی ناونابوو بنەماکانی ئیشراقی ، ئەشێ ئێمە بەو کۆمەڵە بۆچونانە بڵێین (لۆژیکی ئیشراقی).[٣٢]

ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە سوهرەوەردی هەوڵی دەدا لەدوای گرێدانی لۆژیکی ئەرستۆ بە بۆچونە سۆفیگەریەکانەوە دواجار بەرەو ئەو لۆژیکەی خۆی ببات کەدامەزرابوو لەسەر حیکمەتی ئارەزومەندانە!

قطب الدين شیرازی دەڵێت : ئەو لۆژیکەی بەکارهاتووە لە حیکمەتی ئیشراقدا کورتەیەکی بچوکە کەچی لقی زۆری لێدەبێتەوە ، بەکارهێنانیشی کەمە بۆئەوشتانەی بەدەست نایەن بەجۆرێکی تر زۆر بەکەمی بابەتی فەلسەفی هەن کە بەلۆژیکی ئیشراقی چارەسەر نەکرێت[٣٣]، هەربۆیە سوهرەوەردی دەڵێت : ئەم ڕێبازە لۆژیکییە ڕێکخراوتر و بەهێزترە لەوانی دیکە و کەمتر ماندووت دەکات بۆ بەدەستهێنانی وەڵامەکان.[٣٤]

هەروەها دەڵێت : ئەم لۆژیکەی ئێمە لۆژیکێکی واقعییە کەهاتین کورت و پوختمان کردەوە بەکۆمەڵە بنەمایەک کەژمارەیان کەمە بەڵام سودیان زۆرە.[٣٥]

(٣٢) د. محمد جلال شرف: النطعة الإشراقية بين فلسفة والدين في فكر الإسلامي، دار المعارف، ( القاهيرة، ١٩٧٩)، لا ١٦١-١٦٢.

(٣٣) قطب الدين الشيرازي، شرح حكمة الإشراق، لا ١٦.

(٣٤) السهروردي، الحكمة الإشراق، لا ١١-١٠

(٣٥) هەمان سەرچاوە، لا ١١ – ١٢.

یەکێک لەو بابەتانەی کە سوهرەوەردی گۆڕانکاری تێدا کردووە وشەی تاکەکانن لەلۆژیکی ئەرستۆییدا بۆ نمونە : هەریەک لەوشەکانی گونجاندن(التطابق) ، پێکهاتن(التضمن) ، پابەندبوون(الالتزام) ی کرد بە مەبەست(القصد) ، بەڕێوەبردن(الحیطة) ، دەست تێوەردان(التطفل).[٣٦]

یەکێکی دیکە لە ڕەخنەکانی سوهرەوەردی بۆ لۆژیکی ئەرستۆیی بریتی بوو لە ڕۆشنکردنەوەی ئەوەی کەئەستەمە بەو ڕێبازەی مەشائییەکان بتوانین زانست بەدەست بهێنین ، چونکە ئەوان بۆ زانینی شتێک خودی گشتی(ڕەگەز) شتەکە و خودی تایبەتییان(بەش) لێک جیاکردەوە و بەجیا پێناسەیان دەکردن واتە ئەوان پێیان وابوو بەشەکانی شتەکە نازاندرێت بەبێ ئەوەی کەلەسەر خۆی زانراوە (مەبەست لەوەیە هەموو شتێکی بەشی یان گشتی دەبێ لەخودی خۆیەوە بزاندرێت و بناسرێتەوە) ، بەڵام سوهرەوەردی رەخنە لەم بۆچونە دەگرێت و پێی وایە کە بە شتی نەزانراو ناگەین تەنها بەهۆی زانراوێکەوە نەبێت ، دواتر ئەگەر وامان دانا شتێکی (بەشی) نەزانراو هەبوو ئەوکات چۆن دڵنیابینەوە لە بەشییەکی دیکە کەهیچ شتێک ناناسرێتەوە جگە لەمەزەندەکردن بەو بەشە ؟ لەوکاتانەدا درککردن بە شت و پێناسەی شتەکە ڕەد دەبێتەوە.[٣٧]

ئەوەی باسکرا بریتی بوو لە ڕەخنەی سوهرەوەردی بۆ لۆژیکی ئەرستۆیی ، هاوکات دوو ڕێچکەی داناوە بۆ پێناسەکردن و زانینی شتەکان:[٣٨]

یەکەم : ڕێگای هەست پێکردن ، بابەتە هەستپێکراوەکان بەتەواوی دەزانرێن بەهۆی هەستکردن پێیان.

دووەم : ڕێگای ئاشکراکردن و دیاربوون (الکشف و العیان) کە وردترین ڕێگا و متمانە پێکراوترینیانە.

---

**(٣٦) قطب الدین الشیرازي، سەرچاوەی پێشوو، لا ٥٨ – ٥٩.**

**(٣٧) سهروردي، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢١.**

**(٣٨) قطب الدین الشیرازي، سەرچاوەی پێشوو، لا ٥٩.**

ئەم دوو ڕێگەیە لەلای سوهرەوەردی ناونراوە بە بیرۆکەی چاودێری(المعرفة العناية) ، وە دەڵێت: بەم جۆرە ناسینەوەی شتەکان هەندێکیان تایبەت ناکرێن و هەندێکیان گشتی بەڵکوو بۆ ناسینەوەیان پێویستیان بە دیدەنییە.(٣٩)

ئەوەی دەردەکەوێت لەقسەکانی سوهرەوەردی ئەو باوەڕە پتەوەیەتی کە بە لێکدان و پێکەوەبەستی حیکمەتی پەیجۆری و حیکمەتی ئارەزومەندانە هەیەتی ، لەخۆڕا ناوبانگی دەرنەچووە بە (جامع المحكم بين الحكمتين).

## سوهرەوەردی و شیعر

جیا لەوەی سوهرەوەردی شارەزایەکی زانستە ئایینی و فەلسەفیەکانە و شیکاری لۆژیکی ئەرستۆیی کردووە ، نەک هەر ئەوەندە بەڵکوو ڕەخنەی لێگرتوون و بنەمای نوێی بۆ دەستنیشان کردووە و لەبەرامبەر هەندێک بنەماشدا دژایەتی خۆی نەشاردوەتەوە و گۆڕانکاری تیادا کردوون ، بەڵام خاڵێکی دیکە کەزۆر جێ بایەخە ئەوەیە سوهرەوەردی کەسێکی ئەدیب و شاعیرێکی بەتواناش بووە.

لەکاتی خوێندنەوەی دیوانەکەیدا ئەوەی بەرچاومان دەکەوێت بەجۆرێک شیعرەکانی نوسیون کە لوتکەی بەرزی شیعری عیرفانین ، تایبەتمەندی شیعرەکانی لەوەدایە کە وشەی سادە و ڕیزبەندییەکی ڕۆشنی بەکارهێناوە لە نوسینیاندا دواجار واتایەکی ڕۆشن و بەهێزیش دەدەن بەدەستەوە ، تەواوی شیعرەکانی کۆکراونەتەوە لەلایەن (د.كامل مصطفى شيبي) ، ئەویش توانیویەتی دوای هەوڵێکی زۆر سەد و چل و پێنج (١٤٥) بەیتی شیعری کۆبکاتەوە لەدوو توێی کتێبێکدا بەناوی (ديوان السهروردي المقتول).

---

(٣٩) سهروردي، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٨.

**یەک لەنمونە شیعرییەکانی سوهرەوەردی**

١ – لەم چەند بەیتەدا سوهرەوەردی دەیەوێت شانازییەکی فەلسەفییانە بکات سەبارەت بەو نیعمەتەی کەخوا هاوشێوەی سۆفیگەرە گەورەکان سوهرەوەردیشی تێگەیاندووە و پێگەیاندووە، دەڵێت :[٤٠]

آيات نبـوة الهـوى بي ظهرت
قبلي كتمت ، وفي زماني اشتهرت
هذي كبدي (إذا السماء انفطرت)
شوقاً (وكواكب) الدموع (انتثرت)

## بەرهەمەکانی سوهرەوەردی

چارەنوسی سوهرەوەردی وابوو بەرهەمی فەلسەفەکەی وون و نادیار بێت بۆماوەیەک ، بەهۆی ئەو تۆمەتانەی کەدەدرانە پاڵی وەک (زەندەقە و دژایەتی ئایین) ، بەڵام خوێندکارەکانی توانییان شوێن پاشماوەکانی بکەون گرنگیان بە بەرهەمەکانی دەدا بەتایبەت شارەزوری [٤١]، وەک چۆن لە وەرگێڕانی بۆ نوسراوەکانی سوهرەوەردی ئاماژەی بە (٤٩ چل و نۆ) نامە و کتێبی دانراوی سوهرەوەردی کردووە ، بەڵام زۆربەی ئەو بەرهەمانە نەگەیشتوون بەدەستی ئێمە کە شارەزوری باسی کردوون ، جگە لەکەمینەیەک نەبێت کەبڵاو کراونەتەوە کەهەتا ئێستەش هەندێکیان هەر بەدەستنوسی ماونەتەوە ، هاوکات دەبێ ئەوەش بزانین کە دەستنوسەکانیش لەکتێبخانەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا دەستناکەون مەگەر زۆر بەدەگمەن ، هەروەها دەبێ ڕادەی دروستی و ڕاستی ئەو کتێبانەش بزانین کەشارەزوری دەیداتە پاڵ سوهرەوەردی ئەمەش پێویستی بەلێکۆڵینەوە و بەدواداچونی زۆرە تا بزانین حەقیقەتی دەسنوسەکانمان دەستکەوێت ، کۆتا سەرنجیش لەسەر نوسینەکانی شارەزوری ئەوەیە کە ڕەچاوی سەردەمی نوسینی کتێب و

---

(٤٠) ديوان السهروردى المقتول، شهاب الدين ابو فتوح يحيي بن حبش السهروردي، تحقيق كامل مصتفى الشيبي،، بغداد، ٢٠٠٥.

(٤١) السهروردي:نزهة الأرواح ، لا ٢٣٥-٢٣٨.

دانراوەکانی نەکردووە و تەنها بەژماردن ریزبەندی کردوون بەبێ هیچ پۆلێنبەندی و ریزبەندییەک بەپێی کاتی نوسینەکان.

یەکەم کەس کە هەوڵی ڕیزبەندی کردنی نوسینەکانی سوهرەوەردی داوە بریتییە لە ماسینیۆن[٤٢]، کە بەرهەمەکانی دابەش کردووە بەسەر سێ بەشدا بەپێی قۆناغەکانی پێگەیشتنی فەلسەفی سوهرەوەردی ، بەم جۆرە :

١. قۆناغی گەنجی یان (سەروەختی ئیشراقی) تیایدا هەریەک لەبەرهەمەکانی (الالواح العمادیە ، هیاکل النور یان الرسائل الصوفیة) داناوە ، ئەمەش بەپشت بەستن بە سەرچاوەکانی سوهرەوەردی.

٢. قۆناغی فەلسەفی پیادەڕەوی (مەشائی ـ ئەرستۆیی) : هەریەک لەکتێبەکانی (التلویحات ، اللمحات ، المقاومات ، المطارحات)ی ڕیزبەند کردووە.

٣. قۆناغی کۆتایی کەتیایدا سوهرەوەردی کاریگەرە بە فەلسەفەی ئەفلاتونی نوێ و ئیبن سینا : کتێبەکانیش بریتین لە (حکمة الاشراق ، اعتقاد الحکماء).

هەوڵەکانی ماسینیۆنی ڕۆژهەلاتناس دەرگای ئاوەلا کرد بۆ رۆژهەلاتناسەکانی دیکە تا ریزبەندی بۆ کتێبەکانی سوهرەوەردی بکەن ، وەک چۆن سپیس خەتەک دەلێت : هەریەک لەکتێبە فەلسەفی و تەسەوفییەکانی وەک (مؤنس[ العشاق ، لغة الموران ، صفیر سیمرغ) لەکتێبە پێشینەکانی سوهرەوەردین.[٤٣]

جگە لە رۆژهەلاتناسەکان، د.سید حسن نصر[٤٤]ریزبەندی بۆ بەرهەمەکانی سوهرەوەردی کردووە و بە ٥ قۆناغ دیاری کردووە.

---

(42) Massignon:op.cit p.133

(43) Spies S. K. Khattak, 1935, p. 3.

(44) Dr. Seyyed Hossein Nasr, Shihab Al-din Suhrawardi al-maqtul, 1963. 374 - 375

## دەرئەنجام

دوای ئەوەی گوزەرێکمان کرد بەژیاننامە و بەشێک لەبیروبۆچونەکانی شەهابەددین سوهرەوەردی و فەلسەفەکەی (حیکمەتی ئیشراق) و بیروڕا و باس و خواسە جیاوازەکانمان لەسەر ئەم کەسایەتییە دیارەی مێژوو دەرخست ، وەلەگۆشە نیگا جیاوازەکانەوە شەن و کەوی ژیانی شەهابەدین و بیروبۆچونەکانیمان کرد ، دەرکەوت کە سوهرەوردی وەک زۆرێک لەبیریارەکانی تری مێژووی موسوڵمانان قوربانی بڕیارە سیاسی و ئایینیە نەپێکراوەکانە کە بوون بەهۆی ئاواکردنی خۆری ژیانی زۆرێک لەو بیرمەند و زانایانە ، هاوکات دەرکەوت شەهابەدین نەک تەنها شارەزای لۆژیک و فەلسەفەی کۆن بووە بەڵکوو توانی گۆڕانکاری بنەڕەتییان تێدا بکات و بیخاتە قاڵبی فیکر و فەلسەفەکەی خۆیەوە و دواجار لەگەڵ حیکمەتی سۆفیگەریدا پێکەوە گرێیان بدات و شتێکی نوێیان لێ دروست بکات بەناوی (حیکمەتی ئیشراق).